مرۆڤی بە پارێزبەندی*.. و. لە عەرەبیەوە: یاسین لەتیف

لە دەروەی شوورەکانی شار: مرۆڤی (بە پارێزبەندی- Homo sacer) یەکەمجار لە پێکهاتەی سەروەریدا ، لە هەوڵێکدا بە هەوڵشاندنەوەی کەدی سیاسەتی ئۆژاوا، ڕەنگە دەستبەجێ وێنەی "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی" و سندوقەکانی دەنگدان و مافەکانی هاوڵاتیبوون بە مشکماندا بێت، بەڵام ئەو هەڵکەوتنە فکریانەی کە جەرجیۆ ئاگامبین لە کتێبە دامەزرێنەرەکەیدا ئەنجامیان دەدات، پەردە لەسەر کۆمەڵێک بناغەی زۆر خوێناویتر و تاقەتڕۆتر لادەدا. سیاسەتی مۆدێرن -وەک چۆن ئاگامبین وێنای دەکات- تەنها مەیدانێک نییە بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، بەڵکو زیاتر لە "ئامڕەکی ئەنسڕپۆلۆژی" دەچێت کە بۆ بەدەنگی کار دەکات بۆ بڕهەمهێنانی جەستەگەلێکی ڕووت کراوە لە ماف، کە بۆ ناوی خودی یاساوە شایانی پشتڵکردنن. کەچی ئەم وێنە دیموکراسییەی دواتی مۆدێرن، هەر کە دەیخەینە ژێر "مایکرۆسکۆپی مۆژوو"ـەوە، خۆرا دەردەکەوێتەوە، لەڕەدا دەسەڵات ڕووت دەکرێتەوە بۆ ئاشکراکردنی ناوکە ڕەقەکەی، بۆتایبەتیش لە ڕەگەی گەڵانەوە بۆ چەمکە ڕەمانییە لەڕەکە: "مرۆڤی پیرز" (Homo Sacer). ئەم چەمکە لە هەناویدا پارادۆکسێکی بوونگرایی تاقەتنەر هەدەگرێت . چونکە ئاماژەیە بۆ ژیانێک کە لە تەرازووی ئیلاهیات و بیروباوەڕە ئاینییەکاندا هیچ بەهایەکی نییە (ناکرێت بکرێتە قوربانی بۆ خوداوەندەکان)، لە تەرازووی یاساشدا هیچ سەنگێکی نییە (ئەو کەسە سزا نادرێت کە دەیکوژێت).

ئەو بوونەوەرەکی گیرخواردووە لە "ناوچەی قەدەغەکراو"دا، بەجۆرێک کە تاکە تێکەڵبوونی لە کەمەگەدا، لە ڕەگەی "دوورخستنەوەی"ـەوەیە لێی. بەو مانایەی دورخستنەوەیان لە کەمەگا ،لەڕەدا ئاگامبین ئامڕەکانی پزیشکی نەشتەرگەری دەگرێتە دەست بۆ توکاریی پێکەری سەروەری و ، دەریدەخات کە ئەم شێوازە کۆنەی دوورخستنەوە تەنها پارچە شۆنەوارێکی مزەخانەیی نییە، بەڵکو ئەو مۆدێلە شاراوەیەیە کە لە جیهانی هاوچەرخماندا حوکمی سیاسەتی ژیان (Biopolitics) دەکات.

جەڵی(دیالێکتیکی) "ژیی" و "بیس":
بەسیاسیکردنی جەستەی ڕووت ، ئەو قەیرانەی کتێبەکە چاودێری دەکات،

لەگەڵ وردبوونەوە لە داهاتووی کارساتباری سنووری جیاکارەوەکانی نێوان دوو چەمکی یەنانی بۆ ژیان، قووڵتر دەبێتەوە: "زۆی" (Zoē)، کە بریتییە لە ژیانی بایۆلۆژیی سروشتیی هاوبەش لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، و "بیۆس" (Bios)، کە بریتییە لەو ژیانە سیاسییە شیاوەی هاوڵاتی لە شاردا پیادەی دەکات. ئاگامبین پێی وایە کارساتە گەورەکەی مۆدێرنیتە لەوەدایە کە دەسەڵات چیتر تەنها بە حوکم کردنی "بیۆس"ەوە ناوەستێت، بەڵکو کشاوە بۆ ئەوەی "زۆی"یش قوت بدات. ئیتر ژیانی بایۆلۆژیی ڕووت بووەتە گرەوی سەرکی لە گەمەی سیاسیدا؛ چونکە دەوڵەتی مۆدێرن گرنگی بە تەندروستیی دانیشتووان، ڕێژەی لەدایکبوون، جینەکان و مردنی سەربەری دەدات، ئەمەش بەو مانایەیە کە جەستەمان وەک بوونەوەری زیندوو، ئاستەوخۆ کەوتووەتە چنگی دەسەڵاتی سەروەرەوە. بەپێی ئاگامبین، و بە ئیلهام وەرگرتن لە تێزەکانی کارل شمیت سەبارەت بە "دۆخی ئاسایی"، یان دۆخی ئاوەرتە ئەو شوێنەی کە ئیم ئاستییەی بە دزێوترین شێوە تێدا بەرجەستە دەبێت، "شار" یان "پەرلەمان" نییە، بەڵکو "ئەردوگا" (The Camp)ـیە. ئیم ئەردوگایە جا چ ئەردوگایەکی دەستبەسەرکردنی نازی بێت یان ناوچەیەکی مۆدێرنی ئاگرتنی پەنابەران ئەو فەزایەیە کە تێیدا یاسا بە شێوەیەکی هەمیشەیی هەڵدەپەسێردرێت و "دۆخی ئاسایی" تێیدا دەبێتە بنەما. لێم فەزایەدا، مرۆڤ لە هەموو سیفەتە یاساییەکانی دادماڕرێت تا دەبێتە تەنها "ژیانێکی ڕووت" (Bare Life)، واتە پارچە گۆشتێکی زیندوو کە بەتەواوی ملکەچی دەسەڵاتی ڕەهای سەروەر بە بێ هیچ نەوەندگیرییەکی یاسایی. ئەردوگا ئەو شوێنەیە کە تێیدا "مرۆڤی پیرەز" بە شێوەیەکی پیشەسازی و سیستماتیک دروست دەکرێت. ئەکتاییدا، ئیم شیکارییە ڕەچەڵەکناسییەی دەسەڵات بەرەو ئاستییەکی ترسناک دەمانبات، ئەویش ئەوەیە کە دیموکراسییە ڕۆژاواییە مۆدێرنەکان نێک هەر دژی تەتالیتاریزم (شمولیەت) نین، بەڵکو تەوەکانی ئەو لە ناخی خۆیاندا هەڵدەگرن. کەلێنی نێوان هاووڵاتیی خاوێنماف و "مرۆڤی بە پارێزبەندی" یان خوێن حەڵاکراو (وەک پێناببڕێکی "نایاسایی"، یان نەخشێک لە بەهەشتێکی درۆژخایەندا، یان دەستبەسەرکراوێک لە گوانتانامێ) کەلێنێکی زۆر لاواز و تەنکە. لەکاتێکدا دەوڵەتان لە سەمای دەستووریی خۆیان و بە باڵادەستی مافەکانی مرۆڤ بەردەوامن، چەمکی "مرۆڤی پیرەز" وەک ئەو سەبڕە قورسە دەمێنێتەوە کە بەدوامانەوەیە؛ ئەوەمان بیردەخاتەوە کە یاسا هەمیشە خاوەنی "دڕگایەکی پشتەوە"یە، کە ڕەگەی پە دەدات پەلاماری "ژیانی ڕووت" بدات و، ئیمە هەموومان لە ساتی ئاگایاندنی باری نائاساییدا، پاڵەوراوین بۆ ئەوەی ببینە بەو جەستە بە پارێزبەندە خوێن

حەپاکراوەی کە بە تەنیا و بە هووتی لە بەردەم هەژموونی سەروەریدا ماوەستاوین .

---

*((جەمیل سالم، لە دەرەوەی شوورەکانی شار: مرۆڤی بە پارێزبەندی لە پێکهاتەی سەروەریدا، کتێبی (Homo Sacer)ی نووسەر جەرجیو ئاگامبن، ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥))